# بۆچما کورد مافی سەربەخۆ بوونی نییە ؟!

دیارە پێشتر لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا سەربەخۆیی کورد لە ژێرناوی کۆماری میللی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری مەهاباد ڕاگەیەندرا، بەڵام بە داخەوە لە سەردەمی شەڕی دوهەمی جیهانیدا هەلوو مەرج ڕێگای نەدا نەتەوە یەکگرتووەکان ئیقرار بەو ڕاستییە بکەن کە نەتەوەی کورد شایانی ئەو مافو خواستو ئیرادەیەو بە توولی تاریخ زوڵمی لێکراوە.
دیارە دوای تێکدانی ئەو هیوایە لەلایەن دومنانەوە، خەباتی نەتەوەی کورد بۆ وەدەست هێنانەوەی ئەو ئاواتە لەمێژینەی کە ساڵەهای ساڵ پێشتریش هەر درێژەی بووەو فیداکاری بۆکراوە، پەیمانی خۆی نوێ کردەوەو بە تێکۆشانێکی پڕگوڕوتینو پتەوتر، لە هەموو پارچە کانی کوردستان بە پێی هەلوو مەرجی خوازراو، بەدرۆشمی جۆراوجۆر نەیان هێشتووە خەبات و بزاوی نەتەوەکەمان ڕا بوەستێو بە لەبەر چاوگرتنی ویستو خواستو داواکانی گەل لە سەختترین کات و ساتدا درێژەیان بە تێکۆشانو بەربەرەکانی خۆیانداوە.
دوژمنانی قین لەدڵو داگیرکەری کوردستان، هەموو کاتێک لە ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ داوا هەرە سەرەتاییەکانی نەتەوەی کورد ، بێبەزەیانە بەئاور و ئاسن و خوێنڕێژی وەڵامیان داوەتەوەو تێکۆشەرانی کوردیان قەڵاچۆ کردوەو لە گرتن و شکنجە و دوور خستنەوە دریغیان نەکردووە و بە ناحەق زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا سەپاندوون . زۆرجاران دیکتاتۆرانی دەسەڵاتداری ناوەندی، دانیشتوانی ناوچەیەکی کوردستانیان بەحێلو عەشیرە تەوە بەمەبەستی دوورخستنەوە بۆناوچەکانی شیراز و بەرازجان و مەشەد و قوچان.... ڕاگوێزتوون. ئەو کارە نامرۆڤانەیە تەنیا لەڕۆژ هەڵاتیکوردستان ئەنجام نەدراوە، بەلکوو لە تورکیا و عێراقیش بووە . بەتایبەتی لە سوریا وێڕای دوور خستنەوەو تاڵانکردنی سەروەت و سامان و ئەو ملکانەی هەیانبووە بریتی لە زەوی و زار و باغ و باغات، تەنانەت ناسنامەی سورییشیان لێ ئەستاندونەتەوەو، وەک مهاجرو میوان حیسابیان لەسەردەکەن.
پاش ڕابردنی ئەو دەورانە کڕوکپیە بێ مێدیاییە، لەحاڵیی حازریشدا درێژە بەتاوانباری خۆیان دەدەن. بە پشکوتنی دەوری نوێ لە جیهانی نوێی ساتەلایتو ئێنترنێت، بێ ئەوەی شتێکی دژ بە گەلی عەرب کرابێ یا گوترابێ، شۆڤێنیستانی عەڕەب بێ خەبەر لە زانستو مێدیای ڕۆژ لە پشتی میکرۆفۆن دەنەڕڕێنو دەڵێن: ئێمە ئیجازە نادەین کورد لە عێڕاق جیا بێتەوە ! ئەو پرسیارە دێتە پێش ؛ داخوا ئەو جۆرە کەسانە دەزانن جیهان لە چ قۆناغێکدایەو چ هەلۆیستێک دەخوازێ؟ ئایا پاش٤ساڵ کوشتو کوشتارو نا ئەمنیو بێ سباتی لەعێڕاق، هێشتا چلۆنایەتی عێڕاقیان دەرک نەکردووەو نازانن کە کورد وەک لەنگەرو پاڵپشتێک لە پشتی عەڕەبی عێڕاق ڕاوەستاوە نەیهێشتووە نێوی عێڕاقو عەڕەبی عێڕاق لەو دەوەرە ڕەش بێتەوە .

بێشک ئەو کەسانەن چاویان نابینیّو نێو دڵی ڕەش و قین و بوغزی بەعثیانەیان ڕێگای هاوکاری کردنی لیّ بەستوون نایانەویّ ئەمن و ئارامی لە عیّراقدا بەرقەرار بێت .
ئەگەر کورد لە حاڵیی حازردا هەلوومەرجی جیهانی وەبەرچاو نەگرتبایە و سەربەخۆیی ڕاگەیاندبایە، پێویستی بە ئیجازەی شۆڤینیستان نەبوو، یان بە قەولی کاک مەسعود بارزانی، شەرمیان لەکەس نە دەکرد. بۆ هەموو جیهان ڕوونە کە ئەو ڕۆ کورد لە شیعەو سوننی عیّراق ناترسیّ و دەزانیّ کە ئەوان خەریکی خۆکوژی و کاری شۆڤینیستیانەی خۆیانن .
کورد لە دریّژ زەمانەوە دەزانیّ کە بەرچاو تەنگی و بیرتەسکی ئەو جۆرە شۆڤێنیستانە بووە کەلە داخوازیەکانی گەلی کورد تیّنەگەیشتوون، یان خۆیان لە ڕاستییەکان گێلکردووەو کوردستانیان کردۆتە گۆمی خوێنو، وەک مڵۆزم لە نێوان کوردو ڕووناکبیرانی میللەتی سەردەستدا گێرەشێوێنی و دوو بەرەکیان پێک هێناوە .
کەسێک نییە بەو ئاغایانە بڵیّ : لە جیاتی ئەو لاتاوە تێکدەرانەتان، بۆ باسی ئەو قەتڵوعامانە ناکەن کە یەخەی میللەتی خۆتانی گرتووە؟ یان فیتی خۆتانەو ئەو پەشێویانەتان پێخۆشە باسی ناکەن؟ دەزانین چاوتان بەکوردستان هەڵنایەو ناتوانن شێواندنێکی ئاوای بۆ پێک بێنن و سمێڵی پیّ گیڤکەن. خەڵکانی زاناو تێگەیشتوو زۆرلە مێژە لەو ڕاستییە گەیشتوون، بڵێی بۆخۆشتان هەستتان بەوە نەکردبیّ !؟
دەبیّ داخ لەدڵانو دوژمنانی کورد تێبگەن کە کورد خەریکی کارو باری خۆیەتی و درۆشمی ئاشتیو دێموکڕاسی هەڵگرتووەو ڕۆژلەگەڵ ڕۆژ زیاترخۆی لە سیاسەتی ئەو ڕۆی نێو نەتەوەیی جیهان نیزیک دەکاتەوەو کوردستانە کاولکراوەکەی خۆی ئاوەدان دەکاتەوە، هەروەها نەتەوەکەی لە باری زانیاریو زانستو فەرهەنگی ڕۆژ بەرەو پێش دەباتو هیواداره بەڕاهێنانی دێمو کڕاسیی لە داهاتوویێکی نیزیکدا بەڕەسمی ئاڵای سێڕەنگی سەربەخۆیی کوردستان لە سەر دەروازەی هەموو شارو دێیەکانی کوردستان هەڵاوەسریّ .
ئەوکات قەیدی ناکا باکەسانێکی شۆڤێنی دەمارگرژ بچێتە پشت میکرۆفۆن و بە ئارەزووی خۆیان باوبژی ورگیان بەتاڵکەن، بەڵام ئێستا بۆ ؟ چقەوماوە ؟ .
ڕووناکبیرانو سیاسەتمەدارانو ڕێبەرانی گەلی کورد زۆرلەوە ئاقلترو وریاترن بە دنەدانی دەنگی شۆڤێنیستانی پشت میکرۆفۆن هانبدرێنو بیّلەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی جیهانی بەرژەوەندی نەتەوەکەیان لە مەترسی باوێن . گەلی کورد لەمێژساڵە بۆ ویستوو داواکانی باشترین ڕۆڵەکانی لەو ڕێگایەدا بوونەتە قوربانی تاگەیشتۆتە ئێرە، لێرەش ڕا هێدی و هێمن و لەسەرەخۆ بەڕاو ڕاوێژ بەرەو ئاسۆی ڕوون بەرەو ترۆپکی ڕزگاری هەنگاو دەنیّ.

**سەعید کاوە (کوێستانی) ٢٠٠٦/٩/٨**

www.kurdland.com/said